# جێژنی نەورۆز لە مەریوان

دیسان نەورۆز، جێژنی کۆنی کوردەواری، بوو بە بۆنەیەك بۆ دەربڕینی شادی و خۆشحاڵیی خەڵکی شاری مەریوان، ئەو شارەی کە بۆتە رەمزی راپەڕین و بەرخۆدان. جارێکیتر کووچە و کۆڵان و شەقامەکانی شار بوونە مەودای دەربڕینی نەفرەت و بێزاریی خەڵك لە داگیرکەران. مەریوان پڕ بەپێستی نەورۆز جێژنی گێڕا و هەستی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر تێکەڵ بە گڕ و بڵێسەی ئاگر ریشی تۆپزی ئاخوندیان هەڵقرچاند.

دوای جووڵانەوەی دوژمن ترسێنەری جەماوەری خۆڕاگری شاری مەریوان لە رۆژی دووشەممە **8** ی مارسی **2004**دا، رژێم هەوڵی ئەوەی دا بە دروستکردنی فەزای ترس و وەحشەت بەرگری لە بەڕێوەچوونی جێژنی نەورۆز بکات. بۆ ئەم مەبەستەش لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا حکوومەتی نیزامی رۆژ لەدوای رۆژ و تا لە نەورۆز نزیکتر ئەبووینەوە، لە مەریوان چڕتر ئەکرایەوە و پەیتاپەیتا لە شوێنەکانیترەوە هێزی دژەشۆڕش بەو هێزانەیتر زیاد ئەکران. هەر لە رۆژی پێنجشەممەوە هەمووجۆرە کۆبوونەوەیەکی خەڵك لەنێو بازاڕدا قەدەغە کرا و لەرۆژی هەینیشدا رێژەی هێزەکان چەند بەرابەر زیاتر لە پێشوو لە هەموو شوێنە گشتییەکاندا خۆیان دەنواند و چەندین ئۆتۆمبێلی پڕ لە هێزی تایبەت و تەیار بە سوورانەوەی بەردەوام دەیانهەویست ورەی خەڵك بۆ بەڕێوەبردنی جێژنی نەورۆز دابەزێنن. رێژەی ئەم هێزانە لە مەیدانی نەرۆز، کە لە ساڵانی پێشوودا چەند هەزار کەس لەوێ کۆ ئەبوونەوەو نەورۆزیان پیرۆز ئەکرد، لە هەموو شوێنێك بەرچاوتر بوو. هەروەها پێنجشەممە لە کاتژمێر 1:30 ی نیوەڕۆدا بوومەلەرزەیەکی چوارو سێ دەهۆمی ریشتەری مەریوانی بۆ ماوەی چەند چرکەیەك هەژاند کە رژێم ئەمەیشی کرد بە ئامرازێك بۆ دەرپەڕاندنی خەڵك لە شار، ئەوەش بوو لەرێگای راگەیاندنەکانیەوە لەم شارەدا رایگەیاند لەرۆژی هەینیدا ئەگەری هاتنی بوومەلەرزەیەکی بەهێز لە مەریواندا هەیە و هەر بۆیە جەماوەرێکی زۆر لە ترسی بوومەلەرزەدا شاریان چۆڵ کرد. جیا لەمانەش فەرمانداریی مەریوان لە شوێنێکی دوور لە

www.kurdistannet.org

شاردا بە دانانی ئۆرگ (سایزەر) و هەوڵی راکێشانی کوردان بەرەو دەرەوەی شار ویستی لەم ڕێگایەشەوە خەڵك لە شار دوور بخاتەوە و جێژن و شایی بەرێتە دەرەوەی شارەوە.

سەرەڕای ئەو پیلانگێڕییانەی ڕژێم جەماوەر هەر کۆڵیان نەدا و لە کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆوە شاییەکان دەستی پێکرد و لە ئێوارەدا وردەوردە دروشمی نەتەوەیی و دژ بە ڕژێمیش ئەبیسترا. خەڵکی لەڕێگای ئاگرکردنەوە و تەرەقە تەقاندنەوە خۆشحاڵیی خۆیان بۆ هاتنی جێژنی نەتەوەیی کوردان دەردەبڕی و لە چەند شوێنی سەرەکیی شاردا پارێزەرانی جەهل و نەزانین تەنانەت بەرگرییان لە ئاگرکردنەوەش ئەکرد، بەتایبەت لە چوارڕای بایەوە، چوارڕای شەبرەنگ و داسێراندا.

شایانی باسە لە چەند شوێندا تێکهەڵچوون لەنێوان لاوانی شۆڕشگێڕ و هێزەکانی ڕژێمدا هاتە ئاراوە کە بەهۆی ژمارەی فراوانی هێزەکانەوە زۆر درێژخایەن نەبوو. تاکوو ئێستاش کە کاتژمێر 11 ی شەوە هێشتا ئەو هێزانە لە شەقامەکان نەکشاونەتەوە و هەموو شتەکانیان خستۆتە ژێر چاوەدێریی خۆیانەوە.

هاوکات لەگەڵ جێژن و شادیی خەڵك لەنێو شاردا لەسەر بەرزاییەکانی دەوروبەری مەریوان و کێوەکانی بەری زرێباریشدا چوارئاگرە بە نیشانەی چوارپارچەی کوردستان کرایەوە، بەتایبەت لەسەر کێوەکانی قەڵای ئیمام، میراجی، گۆڕستانی داسێران، بیسەران و پشتی ئاواییی دەرەتفێ.

بەپێی چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو هێزە تایبەتەکان دەستووری تەقەکردنیشیان هەبووە و لەگەڵ خۆیاندا چەکی جۆراوجۆریشیان پێ بوو، بۆ وێنە چەکی فرمێسکهێنەر، گازی بێهۆشکردن و سیلاحی گەرمی دیکە.

www.kurdistannet.org